
# لینین



# ڤلأدمیر ئیلیتش ئولیانۆف (لینین)

# Vladimir Ilyich Ulyanov (Lenin)

لینین درێژەپێدەری ڕێگەی مارکس و ئەگڵسە، ڕابەری دەوڵەت و پرۆلیتاریای ڕوسیە .دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیە ، دروست کەری دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتە. لە ٢٢ی نیسانی ١٨٧٠ لە شارێکی بچوکی قەراغی ( ڤولگا ) ، کە پێیدەڵێن ( سیمبرسك ) کە ئێستا پێیدەڵێن ( ئولیانوفسك ) بەناوی خانەوادەکەی لینینەوە ( ئولیانۆڤسك ) ، لەوێ لەدایك بووە .باوکی مامۆستابووە، پاشان بووە بە بەڕێوبەری کۆمەڵێك قوتابخانە ، باوەڕی بە بڵاوبونەوەی دیموکراسی هەبوە لە ڕوسیادا ، واتە کەسێکی ئازادی خوازی دیموکرات بووە ، دایکی کچی پزیشکێکی دەوڵەمەند بوە ، باپیرەی لینین بووە بەمەسیحی پاش ئەوەی خۆی یەهودی بووە .

خانەوادەکەی لینین شەش منداڵیان هەبووە سێ کوڕ و سێ کچ (ئەلیکساندەر ، ڤلادمیر ، دیمیتری ،ئانا ، ماریا ، ئۆڵگا) (Alexander,Vladimir,Dmitry, Anna, Maria , Olga) لینین دووەم منداڵی خێزانەکەیەتی . کەسەرجەمیان شۆڕشگێڕبوون ، جگە لەکچێکیان کەلە تەمەنی بیستساڵیدا مردوە . لینین لە تەمەنی ٩ ساڵیدا چۆتە قوتابخانە ، لەوکاتانەدا ڕوسیا دەستی بە گۆڕانێکی خێرا کردبوو ڕوەو دەوڵەتێکی پیشەسازی وەگەل کەوتبووە ژێر باری برسێتی و فەقیر ، مەرجەکانی کارکردنێی ئینسانی بەتەواوی لەبەین چووبوو ، پیاوانی خاوەن کارگە لەگەڵ بنەماڵەی دەسەڵات داری ڕوسیا ڕێکەوتبوون . کاتێك لینین تەمەنی ١٦ ساڵ بوو باوکی کۆچی دوایکرد ، لە ساڵی داهاتودا براکەی ( ئەلکساندەر شەنقا ) لە سێدارەدرا بە تۆمەتی تێوەگلان لە هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی قەیسەری ڕوسیا ، کە پاشان کاریگەری زۆری لەسەر بیرو باوەڕە توند ڕەوەکانی لینین بەجێهێشت ، بەتایبەتی ووتەکانی لە کاتی دادگایکردنەکەیدا ، کە بەدەنگێکی زوڵاڵ ووتی هەوڵیداوە بۆ کوشتنی قەیسەر چوونکە ئەوە تەنها هۆکارە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی سیاسی بۆ گەلی ڕوسیا .

لەساڵی ١٨٨٧ پاش تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی ، چووە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی ( کازان ) ، لەزانکۆ لاتینی و یۆنانیشی خوێند ، بەڵام دەستگیر کرا بە هۆی چالاکی لە بزوتنەوەی خوێندکاراندا ، بەم هۆیەشەوە لەزانکۆ دورخرایەوە (دەرکرا ) ، چوونکە بەشداری کردبوو لەو خۆپیشاندانەی کە بۆ مەبەستی نەبوونی ئازادی لەو زانکۆیەدا ڕێخرابوو، لە شاری کازان نەمایەوە چوو بۆ گوندی (کۆکۆشیکتۆ ) ئەوێی هەڵبژارد بوو تا تیایدا بژی ، لەوێ خرایە ژێر چاودێری پۆلیسەوە . وەچەند جارێك هەوڵیدا بگەڕێتەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن ، بەڵام زانکۆکە ڕەتی کردەوە ، دواجار زانکۆ ی (سات پەترۆسبەرگ)

ڕەزامەندی پیشاندا لەسەر داوایەکی لینین بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن لەو زانکۆیە ، بەڵام لینین ئامادەی لێکچەرەکانی کۆلێژ نەبێت ، وەکۆتای ساڵ لە تاقیکردنەوەکاندا بەشداربێت . لە ساڵی ١٨٩١ وەك خوێندکاری ئامادە ( لەدەرەوە ) لە زانکۆی ( سات پەترسبۆرگ ) دەرچوو ، ڕشتەی پارێزەری بەدەست هێنا ، پاشان لە هەمان ساڵدا لە نوسینگەی پارێزەران لە ( سامار ) کاریکرد ، پاش بەدەست هێنانی مۆڵەتی یاسای کارکردن وەك پارێزەر . لەوکاتانەدا لە ساڵی ١٨٨٨-١٨٩٣ نوسراوەکانی کارڵ مارکسی بەقوڵی خوێندەوە بۆیەبوو بە مارکسی تاساڵی ١٨٩٣ پەیوەندی کرد بە ڕێخراوێکی مارکسیەوە بەناوی ( سۆسیال دیموکرات ) ، پاشان هەر لەسامار ڕێخراوێکی مارکسی دروستکرد ، دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ ( پەترۆسبەرگ ) تاسەرکردایەتی ڕێخراوەکە بکات لە هەمان ساڵدا ١٨٩٣ بوو بە ڕابەری مارکسیەکانی ئەوێ ، چالاکانە کاریکرد بۆ بانگهێشتی مارکسی لە نێوان کرێکاراندا .

لەساڵی ١٨٩٤ دا قەیسەر ( ئەلکساندەری دووەم ) مرد کوڕەکەی ( نیکۆلای دووەم ) لەجێگای دانرا . لینین یەکەم دانراوی سەرەکی خۆی نوسی ساڵی ١٨٩٤بەناوی ( کێن هاوڕێیانی گەل وە چۆن دژایەتی سۆسیال دیموکراتەکان دەکەن ) کەتیایدا لینین لە تیورەی نەتەوە پەرستی ساختە و پێچەوانەی کۆڵیبووەوە ، وەنیشانی دابوو کە چینی کرێکار لە ڕوسیادا ڕێگای ڕاستی تێکۆشانی گرتوە و بەسەرکەوتن دەگات . لەساڵی ١٨٩٥ لە ( سات پەترۆسبەرگ ) گروپە مارکسیەکان یەکیانگرت وە ( کۆمەڵەی تێکۆشەران لە پێناو ڕزگاری چینی کرێکاردا ) یان پێکهێنا ، ساڵی ١٨٩٥ لینین زۆرترین کاتەکانی لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و سویسرا بەسەر برد ، کەزۆرترین مارکسیە چالاکەکان لەشوێنانەبوون . دوای دوومانگ لە گەڕانەوەی بۆ ( سات پەترۆسبەرگ ) دەستگیر کرا کەخەریك بوو ئامادە کاری بکات ڕۆژنامەی ( کێشەی کرێکار ) دەربکات . وەزیندانی کرا پاشان دوور خرایەوە بۆ بیابانی سایبیریا ، کەئەو دەم هەر سیاسیەك لەڕوسیادا بگیرایە دەنێردا بۆ ئەوێ ، بۆماوەی ساڵێك دورخرایەوە ، لە ساڵی ١٨٩٧ لەسایبیریا وەك دورخراوە نەبوو بەڵکە دەتوانین بڵێین کە زیندانی بوو بەهۆی زروفی نالەباری ئەوێوە. ئەودەم حکومەت برێکی کەم مانگانەی دەدایە دورخراوەکان لینین شارۆچکەیەکی لە سەر سنوری نێوان چین و ڕوسیا هەڵبژارد بەناوی ( شوشان سکایا ) لەوێ مایەوە لە ( ئایاکان ) لینین لەگەڵ ( نادیا کروبسکایا ) ساڵی ١٨٩٨ خێزانی دروستکرد ، ( نادیا ) کەدواین کچە دورخراوە بوو بە هۆی چالاکی سیاسیەوە دورخرابووەوە ، لە هەمان ساڵدا کتێبی ( گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیادا ) ی نوسی پاش تەواو بونی ماوەی دورخستنەوەکەی ساڵی ١٩٠٠ لینین چوو بۆ ئەڵمانیا تا یارمەتی دەرکردنی ڕۆژنامەی حزب بدات ( ئاکسرا ) بەڕوسی واتە ( ئەلشەرارە ) وە ڕۆژنامەی ( سپێدە ) کە هەردووکیان بڵاوکردنەوەیان لە ڕوسیادا یاساخ بوو، کە تەنها ڕۆژنامەی مارکسی بوو بەنهێنی لە ڕوسیا بەفراوانی بڵاو دەکرایەوە . ئەم ڕۆژنامەیە کە ئۆرگانی حزبەکە بوو ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە دروست کردنی پارتێکی مارکسی لە شێوەیەکی نوێدا ، وە لەدانانی بەرنامەی ئەو حیزبەدا ،پاش دزەپێکردنی ڕۆژنامەکە بۆ ناو ڕوسیا ( ڤلادمیر ئیلیتش ئولیانۆف ) نازناوی خوازراوی ( لینین ) ی بۆ خۆی هەڵبژارد کەلە ناوی ڕوبارێکی سایبیریاوە وەری گرتبوو بەناوی ( لینا ) بۆ ئەوەی لە چاوی پۆلیسی نهێنی قەیسەر ڕزگاری ببێت . پارتی کاری سۆسیالست دیموکراتی ڕوسی بوبە دووبەشەوە ( بەلشەفیك ) بەڕوسی واتە زۆرینە ، ( مەنشەفیك ) بەڕوسی واتە کەمینە ، هۆی سەرەکی دوولەت بونەکەیان لەناو ڕێختنە ناوخۆییەکانی حیزبدا بوو بەلشەفیکەکان دەیان ووت دەبێت ئەوانەی بەڕیزەکانی حیزبەوە پەیوەست دەبن پێویستە تێکۆشەر و شۆڕشگێڕبن . مەنشەفیکەکان ڕایەکی پێچەوانەیان هەبوو دەیانووت دەبێت دەرگا لەسەر پشتبێت بۆ هەموان سەرجەم خەڵکی سادەش بتوان پەیوەست بن بەڕیزەکانی حیزبەوە . شۆڕشی یەکەمی ڕوسیا ، لەسەرەتای

ساڵی ١٩٠٠خەڵكی ڕوسیا لەسەرجەم لایەنەكاندا دژی قەیسەر نارەزایەتیان هەبوو ، داواكاریەكان بەرز ببونەوە لەسەرنەبونی ئازادی سیاسی ، وەرێگە دان بە جوتیاران كەزەوی دەرەبەگەكان بچێنن ، وەزیادكردنی كرێی كار و باشتركردنی هەلومەرجی كار وەكۆتای هێنان بەجەنگ لەدژی یابان . ڕۆژی ٢٢ ی كانونیدووەمی ١٩٠٥ قەشەی ئەرسەدۆكسی ( جۆرج گابۆن )خۆپیشاندانێكی رێخست كەزیاتر لە (٢٠٠٠٠٠) هاوڵاتی (سات پەترۆسبەرگ) تیایدا بەشداربوون ، خۆپیشاندانەكە ئاشتی خوازانە بوو ئاما نجی گەیاندنی داواكانی خەڵك بوو بە قەیسەر ، بەڵام پیاوەكانی قەیسەر ئاگربارانیخۆپیشاندەرانیان كرد وە سەدانیان لێكوشتن ئەمە پرشنگی یەكەمی بلێسەی شۆرشەكانی ڕوسیا بوو تا شۆڕشی فەبرایەری ١٩٠٧ی بۆرژوازە دیموكراتەكان ، بەڵام لە كۆتای ساڵی ١٩٠٥ دا بەتەواوی هێزەكانی قەیسەر دەستیانگرت بەسەر ڕا پەرینەكەدا و خامۆشیان كرد ،وە پاشان شۆرشی ئۆكتۆبەری سۆسیالستی لەسەر بنەمای خبرەی عەمەلی شۆڕشەكانی پێشوتری ڕوسیا وە بە پشتگیری كردنی گەورەی لینین ساڵی ١٩١٧ ، بە ڕابەری بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی پاشمەرگی ماركس و ئەنگلس شۆرشی ئۆكتۆبەر ڕویدا . لینین گەڕایەوە بۆ ڕوسیا وە بەشداری لەو ڕا پەرینانەداكرد ، كە پەكی هاتوچۆی خست لە مۆسكۆ و زۆربەی شارە گەورەكانی ڕوسیا ،

لینین گەڕایەوە بۆ ئەوروپا لەنێوان زۆربەی ووڵاتاندا گەشتی دەكرد وەبەشداری چلاكیەكانی پارتە ماركسیەكانی دەكرد . لە یەكی ئابی ١٩١٤ دا ئەڵمانیا جەنگی دژی ڕوسیا ڕاگەیاند ، لەكتێبێكدا لینین لە ساڵی ١٩١٦ بلاوی كردەوە بە ناوی ( ئیمپریالیزم دوا پلەی سەرمایەداریە ) لەم كتێبەدا شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری شیكردبووەوە ، بە پشت بەستن بەوەی كەماركس لەسەرمایەدا پێی هەستابوو لینین یاساكانی دەست بەسەرداگرتنی پێشكەوتنی ئابوری سیاسی سەرمایەداری لەسەردەمی داگیركاریدا دۆزیەوە . بەهاتنی ساڵی ١٩١٧ خەڵكی ڕوسیا لە برسێتیدا دەژیان وە خواردەمەنی زۆركەم بوو بوو بەتایبەتی نان وەحكومەتی ڕوسیا نەیدەتوانی هیچ بكات بۆ كۆتای هێنان بەم وەزعیەتە ، كرێكاران مانیان لە كاركردن دەگرت ، ژنان بەدرێژای ڕۆژ لەبەردەم فرنەكاندا دەوەستان بۆ نان ، سەربازان لە فەرمانی سەركردەكانیان دەردەچوون ڕەتیان دەكردەوە ، قەیسەر سور بوو لەسەر مانەوەی لە دەسەڵاتدا، وەسازشی نەدەكرد لە تەختەكەی وە دانانی حكومەتی نوێ بە سەرۆكایەتی شازادە ( جۆرج لیفوڤ) پێك هات ، لە ١٥ی مارسی ١٩١٧ لینین گەڕایەوە بۆ ڕوسیا زۆربەی ڕابەرەكانی حیزبی بەلشەفیك كە دورخرابونەوە بۆ سایبیریا لە ١٦ نیسان ١٩١٧ گەیشتنە پەترۆگراد بۆ پێشوازی قارەمانانی جەنگ . لینین داوایكرد دەست بەجێ جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیا ڕابگیرێت ، داوایكرد خاوەندارێتی زەوی بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت ، بەكەوتنی حكومەت یەكسەر لە تەموزدا حكومەتی نوێ بەسەرۆكایەتی ( ئەلكساندەر كیرنیسكی ) پێكهات ، وە فەرمانی دا بەگرتنی لینین بە تۆمەتی كاركردن لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا ، لینین چوو بۆ فنلەندا لەوێ یەكێك لە كارە گرنگەكانی خۆی نوسی بەناوی ( دەوڵەت و شۆڕش ) كەتیایدا چۆنێتی ڕێخستنی شۆڕش و جۆری حكومەتێ كە دەسەڵات دەگرێت پاش كەوتنی دەسەڵاتی ئێستا شیكردبووەوە، پاشان كتێبەكەی نارد بۆ دەزگای ناوەندی حزبی بەلشەفیك ، ئەوەی ڕاگەیاند كە كاتی ووتار بەسەرچووە ئێستا كاتی كاری شۆڕشگێڕانەیە . لینین گەڕایەوە پەترۆگراد لە تشرینی یەكەمی ١٩١٧ وە داوای لە دەزگای ناوەندی حزب كرد كە شۆڕش ڕابگەیەنن دەست بەجێ ، حكومەتی كیرنیسكی لاوازبو بوو ، لیۆن ترۆتسكی یەكێك لە سەركردە دیارەكانی حزب پەیوەندی بەست لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە سەربازان ، وە هەندێك لە تیپە دەریاییەكان لایەنگریان دەربڕی بۆ شۆڕش ، بەم شێوەیە بەلشەفیكەكان بڕیاری جوڵانیاندا .پەترۆگراد كەوت بەبێ بەرگری لە ٢٥ ی تشرینی یەكەمی ١٩١٧ ڕوبەڕو بونەوە لە مۆسكۆ زۆر توندبوو بەلشەفیكەكان لە كەمتر لە هەفتەیەكدا توانیان دەستبگرن بەسەر شارەكەدا . بەم شێوەیە هەموو ڕوسیا

کەوتە ژێر دەسەڵاتیان ، بەووتـافی ( نان ، ئاشتی ، زەوی بۆ هەموان ) پاڵپشتی و متمانەی خەڵکیان بۆ خۆیان ( بۆ شۆڕش ) بەدەست هێنا ، ئەنجومەنی (سۆڤیات ) ( لقەکانی حیزب ) کۆبونەوە لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ نوێنەری هەموو هەرێمەکانی ڕوسیایان دانا . ئەنجومەنی نوێنەرانی گەلیان هەڵبژارد، ئەوانیش لینینیان بەسەرۆکی خۆیان هەڵبژارد ، بەم شێوەیە لینین بو بە سەرۆکی ڕوسیا . لە کۆبونەوەی یەکەمی ئەنجومەندا لینین داوای کرد دەنگ بدەن بە کۆتـای هێنانی جەنگ لە دژی ئەڵمانیا ، وەهەروەها هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەت , ئەنجومەن ڕازیبوو لە سەر هەردوو پێشنیارەکە . دانوستاندنی ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیا دەستی پێکرد ، وەکارکردن بۆ هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتیتایبەتی زەوی دەستی پێکرد، زەوی کرا بە مڵکی تایبەتی دەوڵەت تابەسەر هەموو جووتیاراندا دابەشبکرێت .

لینین تیورەی پارتی پرۆلیتاریای دانا بەوپێیەی پارتی ڕابەرە وە هێزێکی ڕێخراوە کە بەبێ دەوری ئەو ناتوانرێت دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا یان بنیاتی کۆمەڵگایەکی سۆسیالستی دابنرێت ، وە لینین بووبە یەکەم ڕابەری دەوڵەتی پرۆلیتاریا ئەو دەوڵەتەی کە لە توانایدا هەبوو گەشە بە ململانەی خۆی بدات لەگەڵ دوژمنەکانی لە ناوخۆودەرەوە دا ، لینین گەشەی دابە فکری مارکس و ئەنگلس ، بەرنامەیەکی دیاریکراوی داڕشت بۆ بنیات نانی سۆسیالیزم لە یەکێتی سۆڤیەتدا ، لینین بەگەشە پێدەری سەرجەم لایەنەکانی مارکسیزم دادەنرێت بە فەلسەفەشەوە ، لەسەرەتـادا کاریکرد بۆ گرنگی پێدان و گەشەپێدانی دیالەکتیکی ماتریالیزم و مادیەتی مێژوو لایوابوو فەلسەفەی مارکسی هۆکارێکە بۆ چارەسەری سەرجەم ئەوکێشانەی کە ڕوبەڕوی چینی کارگەر و پارتەکەیان دەبێتەوە لەم قۆناغە نوێیەدا ، سالأنی یەکەمی دەسەڵاتی لینین ساڵانێکی ئاسان نەبوو ، سوپا بە هۆی جەنگەوە هیلاك بوو ، هێزی ئەڵمانی لە بەرەکانی جەنگدا پێشکەوتنی بەدەست دەهێنا ، دوژمنەکانی بەلشەفیکەکان تەکەتولاتیان دروست دەکرد بۆ لا دانیان لە سەر دەسەڵات ، لینین هەوڵێکی سەختی دا بۆ کۆتای هێنان بە جەنگ لەگەڵ ئەڵمانیا ، ڕوبەڕوی داگیرکاری ئەڵمانیا بەوە بۆیە دانوستانی لەگەڵ ئەڵمانیا قبوڵ کرد ، ئەوانەی لە دانوستانەکاندا بەشداربون بە پێی ڕێنوێنیەکانی لینین نەدەڕۆیشتن ، ئەنجامی ئەمەش ڕوسیا زۆرێك لە زەویەکانی خۆرئاوای لەدەست دا ، لەهەندێك شوێن سازشی کرد وەك فنلەند و پۆڵەند ، بەم شێوەیە پەیماننامەی ئاشتی مۆرکرا لە ( پریستیلۆفسك ) لە ٣ی ئازاری ١٩١٨ ، لەهەمان ساڵدا ١٩١٨ لینین داوای کرد بە گۆڕینی ناوی حزب لە پارتی کاری سۆسیال دیموکراتی ڕوسیاوە بۆ پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیا ، لە ٣٠ی ئاب ی ١٩١٨ پاش تەواو بوونی لە کۆبونەوەیەك ، لینین لە کاتی چونیدا بۆلای سەیارەکەی ( ڤانی کاپلان ) لە لینین نزیك بووەوە وە بانگی کرد و سێ گوللەی ئاڕاستەکرد ، یەکێکیان بەر شانی کەوت دووەم بەر گەردنی کەوت سێهەم بەر سی کەوت ، لینین پێداگری کرد لەجیاتی نەخۆشخانە بیبەنەوە بۆ ماڵەوە ، گوللەی دووەم کەلە گەردنیدا بوو لەگەردنیدا مایەوە بەڵام لەمردن ڕزگاری بوو . ناحەزانی دەسەڵاتی سۆسیالتی هەڵدەستان بە ئەنجامدانی توندوتیژی لە شارەکاندا کە پاشتر گۆڕا بە نیمچە جەنگێکی ئەهلی لە ناوچە دورەکاندا ، ئەم ئۆپۆزسیۆنە یەك دنیابینی و ئامانجیان نەبوو ، حکومەت توانی تا ساڵی ١٩٢٠ لە ناویان ببات ، ووڵاتـانی ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندی خۆیان هەڵپەسارد لەگەڵ دەسەڵاتی نوێی ڕوسیا ، بە هۆی ئەوەی حکومەتی نوێی ڕوسیا ئامادە نەبوو قەرزەکانی قەیسەر کەلەم ووڵاتـانەی کردبوو بداتەوە . لە ساڵی ١٩٢٠ لینین پرۆگرامێکی دانا بەناوی ( سیاسەتی ئابوری نوێ ) کە ئازادی دابوو بەجوتیاران و بەرهەمهێنە بچوکەکان کە ئازادن لە بەکاربردنی بەرهەمەکانیان ، ڕێگەی دابو بە بازرگانی ئازاد ، وەبانگهێشتی بیانیەکانی کرد بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لە ڕوسیادا ئەنجامبدەن . ئەم

بەرنامەیە پاڵی بە حکومەتەکانی ئەوروپای رۆژئاواو وولاتەیەکگرتوەکانەوە نا کە دووبارە نوێنەرایەتی دبلۆماسی و پەیوەندی بازرگانی دابنێنەوە لەگەڵ روسیا ، ئەو گوللەیەی کەلە گەردنی لینینی دابوو کارێکی گەورەی لە روخانی تەندروستی کرد ، پزیشکەکان توانیان لە ساڵی ١٩٢٢ دەریبهێنن ، بەڵام نەیان توانی پاشماوە کوشیندەکانی لابەرن و بنبڕی بکەن ، لە ٢٦ ی ئایاری ١٩٢٢ لینین توشی ( جەڵدە ) ( لێدان ) ی یەکەم بوو ، بوە هۆی ئەووەە نیوەی لای ڕاستی لەکاربخات وەوای کرد لە چالاکی سیاسی کەمێك دوربکەوێتەوە ، لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا توشی ( لێدانی ) دووەم بوو ، سەرانی سیاسی لە ڕوسیا بڕیاریاندا لینین لە بەچاو دووربخەنەوە ، لە ئازاری ١٩٢٣ لینین توشی ( لێدانی ) سێهەم بوو کەبووە هۆی ئەوەی لەسەرجێگا بکەوێت و بەتەواوی لە قسەبکەوێت ، لە ٢ی کانونی دووەمی ١٩٢٤لینین توشی (لێدانی ) چوارەم بوو ، کەئەم جارەیان یەکلاکەرەوەبوو لەژیانیدا ، وەبوە هۆی مردنی تەرمی لینین لە گۆڕەپانی سوور لە مۆسکۆ نێژرا گۆڕەکەی وەك پەرستگای هەموو ئەوانە وایە کە بڕوایان بەئازادی بیرو تێکۆشانی ئەو هەیە

## بایۆگرافیا ( ژیاننامە ) ی تەواوی لینین بەم شێوەیە ی لای خوارەوە یە

## *Vladimir Ilyich Ulyanov(Lenin)*

| | |
|---|---|
| ٢٢ نیسان ١٨٧٠ | ڤلادمیر ئیلچ ئلیانوف ( لینین ) Vladimir Ilyich Ulyanov(Lenin) لە سیمبرسك ( Simbirsk)لە دایك بوو |
| ٢٤ کانونی دووەم ١٨٨٦ | باوکی ڤلادیمیر مرد |
| مانگی ئایار ١٨٨٧ | برا گەورەکەی ئالکساندەر ( Alexander) بە تۆمەتی پلاندانان بۆ کوشتنی قەیسەر (Czar) لە سێدارە درا |
| مانگی ئەیلول ١٨٨٧ | ڤلادمیر ناوی خۆی لە زانکۆی کازان ( Kazan) تۆمارکرد , کانونی یەکەم دەستگیرکرا بەهۆی بەشداری کردنی لە خۆپیشاندانی خوێندکاراندا , وە دەرکرا |
| ١٦ کانونی یەکەم ١٨٨٨ | پەیوەندی دەکات بە ئەڵقەی خوێنکارە شۆڕشگێڕەکان لە کازان |
| ١٩ کانونی یەکەم | لە زانکۆ دەرکرا وە دورخرایەوە لە کازانەوە بۆ گوندی "Kokushkino" " کۆکوشینۆ " وە خرایە ژێر چاودێری نهێنی پۆلیسەوە |
| ٥ تشرینی یەکەم | هەلێك بۆ لینین ڕەخسا بۆ گەشتێك بۆ دەرەوە ، بەمەبەستی خوێندن بەشێوەی "مواصلە" بەڵام لە لایەن پۆلیسەوە ڕەتکرایەوە |
| هاوین | سەرمایەی کارڵ مارکس "K.marx ' ی خوێندەوە وە پەیوەست بوو بەبازنەیەکی مارکسی کەلەلایەن " N.Y.Fedoseyev" " ئێن.وای. فیدۆسایف " ە وە ڕێخرابوو |
| ٢٥ تەمووز | "ئێن.وای. فیدۆسایف" و ئەندامە مارکسیەکانی ڕێخراوەکە دەسگیرکران لە کازان ، لە |

| | |
|---|---|
| | ناوئەندامەکانیدا تەنها لینینی تیانەبوو |
| ساڵی ١٨٨٨-١٨٨٩ | ڤلادمیر ئەدەبی ئەوە شۆڕشگێڕە کانی ڕوسی خوێند ، وە دەستی بە خوێندنی یاساکرد ، لە کازان و سامار ( Samara) مایەوە |
| کۆتای ١٨٨٩-١٨٩٠ | لە سامار لینین درێژە یدا بە لێکۆڵینەوەی مارکس و ئەنگڵس ، وە " The Manifesto of the Communist" " مانفیستۆی کۆمەنیست" ی وەرگێڕا ، کەپاشان لە بازنە یاساغەکاندا لە سامار دەخوێندرایەوە ، لینین "A.P.Sklyarenko" " ئەی.پی. سکلارنکۆ" ی ناسی وە پێکەوە کاریان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی مارکسیزم لە ناو لاوەکانی ساماردا |
| ٢٩ مایس ١٨٩٠ | لینین مۆڵەتی وەرگرت بە دانیشتن لە تاقیکردنەوەی کۆتایدا لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی (St Petetsburg) سات پەترۆسبەرگ ، وەك خوێندکاری دەرەوەی "خاریجی" هۆڵەکانی خوێندن |
| کۆتای ئاب | سەردانی یەکەمی لینین بۆ سات پەترۆبەرگ بە مەبەستی پەیوەندی گرتن لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی زانکۆ |
| ٢٨ ئەیلول | دواین دانیشتن لە تاقیکردنەوەی زانکۆی سات پەترۆبەرگ " دانیشتنی هاوینە " |
| ٢٦ کانونی دوەم ١٨٩٢ | بڕوانامەی زانکۆی وەرگرت ، بە پلەی یەکەم ، لە ئۆفیسی سەرەکی ناوچەی سات پەترۆبەرگ ی پەروەردەی |
| ١١ شوبات | بەبڕیاری دادگای سامار لینین چووە دانیشتنەکانی پارێزەرە بچوکەکانەوە |
| ٤ ئاب ١٨٩٢ | ڕێگەی پێدرا ( ئیجازەی وەرگرت ) کە مومارەسەی یاسابکات |
| ١٨٩٣ | یەکەم بازنەی مارکسی لە سامار پێکهات لە ڕابەرە دیارەکانی " ئەی.پی. سکلارنکۆ"، I.K.Lalayants " ئای .کەی . لالیانتس"، وە لینین " بوون |
| کۆتای ئاب | لەڕێگەیدا بۆ سامار لە سات پەترسبەرگ ، لەگەڵ "Zizhni Novgorod" " نژین نۆڤگۆرد" مایەوە ، وەکاری کرد بۆ ناسینی مارکسیەکانی ئەوێ |
| ١٥ ئەیلول | ناوی خۆی تۆمارکرد وەك بچوکترین پارێزەر |
| ساڵی ١٨٩٣ | لە کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی مارکسیدا چالاك بوو ، چوو بۆ سات پەتروسبۆرگ ، لە مانگی ئەیلولدا |
| هاوین | لە سات پەترسبەرگ لەگەڵ بازنەیەکی مارکسی لە خوێندکارەکانی پەیمانگای تەکنیکی کۆبویەوە لەوانە S.I.Radchenko" " ئیس .ئای.ڕەدچینکۆ، "V.V.Starkov" " ڤی .ڤی. ستارکۆڤ" "P.K.Zaporozhest" پی. کەی . زاپۆرۆژیست" "G.M.Krzhanovsky" " جی.ئێم. کژیژانۆڤسکی" وە چەندانی تر ..... لە وکۆبونەوەیەدا "G.B.Krasin" " جی . بی. کراسن" ڕەخنەی گرت لە "The Market Question" " پرسی بازار " کە لە لایەن لینینەوە نوسرابوو ، وە لە ناوەندە مارکسیەکاندا دەخوێندرایەوە |
| پایزی ١٨٩٣- | پەیوەندی دامەزراند لەگەڵ کرێکارە پێشکەوتوەکانی کارگەی سات پەترۆسبەرگ ، وە چاویکەوت بە |

| | |
|---|---|
| زستانی ۱۸۹٤ | "V.A.Shelgunov"" ڤی .ئەی. شیلگونۆڤ"وە "I.V.Babushkin" "ئای .ڤی. بابۆشکین" وە چەندانی تر، وتارەکانە لینین سەرنجی ئامادەبوانی بە توندی ڕاکێشا ، ئاگاییەکی زۆر قوڵی لە تیورەی مارکسی ، وەتواناى جێبەجێکردنی مارکسیزم ، وە لە سەر باری ئابوری و سیاسی ڕوسیا ، قسەی کرد . وەباوەڕی قوڵی بە سەرکەوتن بەهۆی کرێکارەوە ، توانایەکی زۆری هەبو لە ڕێخستنی کرێکاراندا |
| کانونی دوەم ۱۸۹٤ | لە پشوی زستانەدا لینین چوو بۆ مۆسکۆ " "Moscow |
| مایس –ئازار | "What the Friends of the People" " کێن هاوڕێیانی گەل" ی نوسی بەشی یەکەمی لە بەهاردا دەرکەوت |
| ۲٦ حوزەیران | بەرەو مۆسکۆ چوو بۆ بەسەربردنی هاوین لەگەڵ کەسە نزیکەکانیدا وەسەردانی ساماریشی کرد |
| تەموز | چاپی دووەمی بەشی یەکەمی کێن هاوڕێیانی گەل لە سات پەترۆسبەرگ دەرکەوت |
| مانگی ئەیلول | چاپی یەکەمی بەشی سێهەم و چوارەم کێن هاوڕێیانی گەل لە سات پەترۆسبەرگ دەرکەوت |
| تشرینی یەکەم | لینین کێن هاوڕێیانی گەل ی لەبەردەم بازنەی مارکسی سات پەتروسبەرگ دا خوێندەوە |
| هاوین | لە کۆبونەوەیەکی بازنەی مارکسی سات پەتروسبەرگ لینین وتارێکی خوێندەوە ، بە ناوی " The Reflection of Marxism in Bourgeois Literature" پەرچ بونەوەی مارکسیزم لە ئەدەبی بۆرژوازیدا" ، کەتیایدا بە توندی ڕەخنەی گرتبو لە شێواندنەکانی بۆرژوازی دەربارەی مارکسیزم ، تێبینیەکانی لەسەر کتێبی "Struve"بوو دەربارەی گەشەی ئابوری ڕوسیا |
| ٥ کانونی دووەم | بە یارمەتی کرێکارانی ئای .ڤی. بابۆشکین ، لینین بەیانێکی دەرکرد بۆ کرێکارانی کارگەی " "Semyannikov" سمانکۆڤ" لەگەڵ پێکدادانەکانی ئەوێدا بە باشی هەڵسوکەت بکەن ، ئەمە یەکەم بەیان بوو لە لایەن مارکسیزمە ڕوسەکانەوە دەربچێت |
| کۆتای ۱۸۹٤- سەرەتای ۱۸۹٥ | "The Economic Content of Navodism and the Criticism it in Mr .Struv book" " ناوەرۆکی ئابوری نارۆیسم و ڕەخنە لە کتێبی بەڕێز سترۆڤ" ی نوسی |
| ۲-۸ ئازار | بەژداربوو لە کۆبونەوەکانی ئەندامانی کۆمەڵەی سۆسیال دیموکراتی شارە گەورەکانی ڕوسیا کە لە سات پەترۆسبەرگ ڕێخرابوو . لەو کێشانەی ووتو وێژیان لەسەر کرا ، گواستنەوە لە بانگەشەی مارکسیزم لە بازنەیەکی توێژینەوەی تەسکەوە بۆ خرۆشانی سیاسی لە نێو جەماوەردا ، وە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کرێکاری |
| ۷ مایس ۱۸۹٥ | لینین چووە دەرەوە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ گروپی کار وە ئاگابون لە بزوتنەوەی چینی کرێکار لە ڕۆژئاوای ئەوروپا |
| ساڵی ۱۸۹٥ | چوو بۆ ئەوروپا بۆ ئامادەبوون لە کۆبونەوەی شۆڕشگێڕانی ڕوس ، کە دورخرابونەوە بۆ ئەوروپا |
| مایس | لە سویسرا "Switzerland"کاری کرد بۆ ناسینی ئەندامانی گروپی کار وەك " "G.V.Plekhanov " جی.ڤی.پلیخانۆڤ" و ئەندامەکانی تر ،جۆری پەیوەندی کردنەکەی |

| | |
|---|---|
| | پێیانەوە ڕێکخست و وە کاریان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی "Rabotnik" " ڕابوتنك" لە دەرەوە |
| کۆتای مارس بۆ سەرەتای تەمووز | لینین لە پاریس خۆی بە "Paul Lafargue" " پاوڵ لافارگۆ " ناساند |
| نیوەی کۆتای تەموز-ئەیلول | لە ماوەی مانەوەی لە بەرلین "Berlin" لە کتێبخانەی گشتی کاری کرد ، ئاشنابوو بە مارکسیزم ، وە ئەدەب وە لە کۆبونەوەکانی کرێکاراندا ئامادەبوو |
| ١٩ ئەیلول | لینین گەڕایەوە بۆ ڕوسیا |
| ١٩ ئیلول -١١ تشرینی یەکەم | لینین سەردانی "Vilno" " ڤیلنۆ" لەمۆسکۆ کرد وە لەگەڵ "Orekhovo Zuyevo" " ئۆریخۆ زایڤۆ" پێکەوە پەیوەندیان دامەزراند لەگەڵ ئەندامانی ناوخۆیی سۆسیال دیموکراتەکانەوە وە گەیشتنە ڕێکەوتنێك کە یارمەتی " ڕابوتنك" بدەن کەلەدەرەوە دەردەچێت |
| هاوین | یەکێتی( League of Struggle for the Emancipation of the Working Class) تێکۆشان لە پێناو چینی کرێکاردا ی دامەزراند لە سات پەترۆسبەرگ |
| ١١ تشرینی یەکەم | لینین گەڕایەوە بۆ سات پەترۆسبەرگ |
| ١٩ تشرینی دووەم | زنجیرە بابەتێکی نارد بۆ ڕابوتنك تا بڵاوی بکەنەوە لە ژێرناوی هەڵسوکەوت لەگەڵ چینی کرێکار لە ڕوسیا |
| کانونی یەکەم – ناوەڕستی کانونی دووەم | وتاری پێشەکی ئامادەکرد بۆ کردنەوەی ڕۆژنامەی یاساغ (Rabochye Delo ) ڕبۆچی دیلۆ ، لەژێرناوی "To the Working men and Women of the Thornton Factory" "بۆ کرێکاران و ژنانی کارگەی سۆرنتن" |
| ساڵی ١٨٩٥ | پلانی دانا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕبۆچی دیلۆ (Rabochye Delo ) کە ڕۆژنامەیەکی ڕێگە پێدراو بوو..... لە ٧ ی کانونی یەکەم لە سات پەترۆسبەرگ لینین دەستگیرا |
| ١٥ کانونی یەکەم | نامیلکەی "Explanation of the Law on Fines Imposed on Factory Workers" " لێکدانەوە بۆ یاسای سە پاندنی باج لە سەر کرێکارانی کارگەکان " بڵاوبویەوە |
| ٢٠-٢١ کانونی یەکەم | لینین و ئەندامانی تر لە یەکێتی تێکۆشانی سات پەترۆسبەرگ دەست گیر کران ، لە کاتی گەڕان و گرتنی "A.A. Vaneyev" " ئەی.ئەی. ڤانیڤ" پۆلیس دەستی گرت بەسەر بابەتەکانی ژمارەیەکی ڕابۆکی دەیلو ، کەبۆ ڕۆژنامەکە ئامادە کرابوو ....لینین گیرا و خرایە بەندیخانەوە |
| مانگی کانونی یەکەم ١٨٩٥ | کۆمەڵەی تێکۆشەران بۆ ڕزگاری چینی کرێکار League of Struggle for the Emancipation of the Working Class) پێکهات لە سات پەترۆسبەرگ ، لینین بو بەئەندام |
| کۆتای ساڵ | بەرنامەی بۆ پارتی سۆسیالست دیموکرات دانا |
| ساڵی ١٨٩٦ | ڤلادمیر بۆ ماوەی یەك ساڵ گیرا |

| | |
|---|---|
| ٢ كانونی دووەمی ١٨٩٦ | لێپێچانەوەی یەكەم لەگەڵ لینین لە بەندیخانەدا كرا |
| هەرساڵی ١٨٩٦ | لەگەڵ ئەوەی لەگرتوخانەدابوو لینین پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی یەكێتی سات پەترسبەرگ بۆ تێكۆشان دروست كرد كە هەڵهاتبون لە زیندان ، یارمەتی یەكێتی دا بە ڕێنمایو پەیامەكانی ، بەیان و نوسرا و بڵاوكراوەكانی بەدەست دەگەیشت لە لایەن ڕاكردووەكانی دەرەوە |
| سەرەتای كانونی دووەم | لەگەڵ ئەوەی لە گرتوخانەدابوو لینین ئامادەكاری كرد بۆ كتێبەكەی "The Development of Capitalism in Russia" " گەشەی سەرمایەداری لە ڕوسیادا " |
| مانگی ئازار | لینین فریدریك ئەنگلس "Frederick Engels" لە ساڵی ١٨٩٥ دا ی نوسی لە ژمارە "١-٢" ڕابوتیك دا بڵاوبووەوە |
| ١١ نیسان | لێپێچانەوەی دووەم لەگەڵ لینین ئە نجامدرا لە زینداندا |
| ١٩ مایس | لێپێچانەوەی سێهەم لەگەڵ لینین ئە نجامدرا لە زینداندا |
| ٨ حوزەیران | لێپێچانەوەی چوارەم لەگەڵ لینین ئە نجامدرا لە زینداندا |
| هاوین | لێكدانەوەی بەرنامەی پارتی سۆسیالست دیموكراتی نوسی |
| ٧ كانونی یەكەم | یەكێتی سات پەترسبەرگ بۆ تێكۆشان بەیانێكیان دەركرد لەدژی حكومەت " To the Tsarist Government" " بۆ حكومەتی سیزار" ، لەگەڵ ئەوەی لەزینداندا بوو ئەم بەیانە لەلایەن لینینەوە نوسرابوو |
| ١٠شوبات١٨٩٧ | حكومەتی سیزار داوایەكی دەركرد بەدورخستنەوەی لینین بۆ ڕۆژهەڵاتی سایبیریا ، بۆ ماوەی سێ ساڵ ، وەخستنە ژێر چاودێری پۆلیسەوە |
| ٢٥ شوبات | ئاگادار كرایەوە بە دورخستنەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی سایبیریا |
| ٢٦شوبات -١ئازار | كۆبونەوەی هەبوو لەسات پەترۆسبەرگ لەگەڵ كۆنەئەندامەكانی تێكۆشان كەدەركرابون پێش ئەوەی بنێردرێن بۆ تاراوگە لەگەڵ ئەندامە لاوەكاندا ،لەم كۆبونەوەی لەگەڵ ئەندامە لاو و كۆنەكانی یەكێتیدا لینین بەتوندی ڕەخنەی گرت لە ڕەوتی ئابوری خوازی كە خەریك بوو لە نێوان ئەندامە لاوەكاندا بەدیاردەكەوت |
| ١ ئازار | سات پەترۆسبەرگی بەجێهێشت بەرەو تاراوگ لە سایبیریا |
| ٢-٦ ئازار | لەڕێگەیدا بەرەو تاراوگە لە مۆسكۆ مایەوە، لینین مۆڵەتی هەبوو لەلای دایكی بمێنێتەوە ، وە دوو ڕۆژ زیاتر لە ماوەی ڕێگە پێدراو لەلایەن پۆلیسەوە مایەوە |
| ٦ ئازار | گەیشتە "Krashoyarsk" "كراسنۆیار" |
| مانگی تەموز | " Characterisation of Economic Romanticism" " نواندنی خەیاڵی ئابوری " ی لینین بڵاوبویەوە لە ژمارە" ٧-١٠"ی " Novoye Slovo" "نۆڤی سلۆڤۆ"دا |
| ٢٠ مایس | گەیشتە گوندی " شوشنكۆی" لە پارێزگای "Yenisei GubernlaK Minusinsk" " یانسی |

| | |
|---|---|
| | گوبرنا منوسنك" |
| ٩-١٠ تشرینی یەكەم | چوو بۆ منوسنك كاریكرد بۆ ناسینی ئەندامانی دورخراوەی "Narodnaya Volya" " نارۆدنایە ڤۆلیاو" وەرێخراوی "Narodnaya Pravo" "نارۆدنایە پراڤۆ" |
| ١١-١٦ تشرینی یەكەم | لە منوسنكەوە لینین گەیشتە گوندی "Tesinskoye" " تیسنسكۆی" كە پێنج ڕۆژی لە نێو سۆسیال دیموكراتە دورخراوەكاندا بەسەربرد |
| تشرینی دوەم | گوندی شوشنسكۆی بەجێهێشت ، وە سەردانی منوسنكی كرد بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی |
| نیوەی دوەمی ١٩٨٧ | نامیلكەی "The Tasks of the Russian Social Democrats" "كاری سۆسیال دیموكاتەكانە ڕوس" ی نوسی |
| ٥ شوبات ١٨٩٨ | دونامەی نوسی بۆ "N.Y.Feldoseyev" "ئێن.وای.فیدۆسیڤ"لە "Verkholensk" "ڤێركۆلنسك" لە سابیریا كە ڕێخەر و ڕابەری بازنەی ماركسی یەكەم بوو لە كازان |
| ١٩-٢٦ شوبات | پیاچونەوەیەك بۆ "A.Bogdanov" "ئەی.بۆگدانۆڤ" "Ashort Course of Economic Science" بەشێكی كورت لە زانستی ئابوری " |
| سەرەتای ئازار | بەشی یەكەمی لە "Industrial Democracy" "دیموكراسی پیشەسازی" نووسی |
| مانگی ئازار ١٨٩٨ | پارتی كاری سۆسیال دیموكراتی ڕوسی ( Russian Social Democratic Labor Party(RSDLP)) ی لە منسك (Minsk) دامەزرا |
| سەرەتای حوزەیران | لینین و كرۆپسیكایە گوندی شوشنسكۆیان بەجێهێشت ، بەرەو "Minusink" "منسنك" ، بەژداریان كرد لە كۆبونەوەی دورخراوەكاندا |
| ٢٢ تەمووز ١٨٩٨ | ڤلادیمیر لەگەڵ( N.K.Krupskaya ) "ئێن كەی كرۆپسكایە" خێزانی دروستكرد |
| ٢١ ئاب | دەست نوسی گەشەی سەرمایەداری لەڕوسیا تەواوكرد |
| ٧ ئەیلول | وتارێكی نوسی لەسەر "پرسیاری سەرژمێریەكانی كارگەكەمان"، سەرژمێریە نوێیەكەی پرۆفیسۆر "Professor Karyshev" "كاریشیڤ" |
| ٩-١٠ تشرینی یەكەم | كۆمەڵەی یەكەمی نوسینەكانی لینین " لێكۆڵینەوە و وتاری ئابوری " لە ڕوسیا بلاّوبووەوە ، لەژێر ئیمزای ڤلادمیر لینیندا |
| هاوین | نامیلكەی "The Taske of the Russian Social Demokrat" "مەهامی سۆسیال دیموكراتەكانی ڕوسیا" لە جنێف بلاّوبویەوە |
| ٢كانونی دوەم ١٨٩٩ | لینین و كرۆپسكایا چوون بۆ "Minusinsk" "مینوسنك" ، لینین ئامادەی كۆبونەوەی ماركسیە دورخراوەكانی بەشە جیاوازەكانی ناوچەی مینوسنك بوو |
| مانگی كانونی دوەم | تێبینی لەسەر پرسیاری تیورەی بازار ی لینین بلاّوبویەوە لەژمارەیەكی "Nauchnoye |

| | |
|---|---|
| | "ناوچنۆی ئۆزرین"Obozren" |
| شوبات | پێداچونەوەیەك بەكتێبی "R.Gvozden" "ئار. گڤۆرزیڤ" بەناوی "Kulak Usury Kits Social and Economic Signficance" "كۆلاك و گرنگی كۆمەلأیەتی و ئابوری " وە لەسەر كتێبی "Parvus" "ارڤیوس" بەناوی "The World Worket and the Agricultural Crisis" "بازاڕی جیهانی و ئەزمەی كشتوكالّی "، لەگەلّ نامیلكەیەك بەناوی "Commercial and Industrial Russia" "بازرگانی و پیشەسازی ڕوسیا " بلأوبونەوە |
| ٢ نیسان | پێداچونەوەیەك بۆ "Kautsky" "كاوتسكی "The Agrarian Question" "لەسەر پرسی كشتوكالّ" ی نوسی |
| ٥-١٢ نیسان | گەشەی سەرمایەداری لەڕوسیا( The Development of Capitalis in Russia)ی لینین بلأوبویەوە لەژێر ئیمزای ڤلادمیر ئیلیان "Vladimir Ilyan" |
| ٢١ مایس | دوو ووتاری نوسی لە ژێر یەك ناودا " Capitalism in Agriculrnre" "سەرمایەداری لە كشتوكالّیدا" |
| ١٤ مایس | مالّی لینین لە گوندی شوشنسكۆی پشكنرا ، وە لیكۆلّینەوەی لەگەلّ كرا تا پۆلیس ڕاستی نامە گۆڕینەوەكانی لەگەلّ سۆسیال دیموكراتە دورخراوەكاندا بزانێت |
| مانگی مایس | پێداچونەوەیەك بۆ كارەكەی " Hobson" "هۆبسۆن" بەناوی " The Evolution of Modrn Capitalism" "پەرەسەندنی سەرمایەداری نوێ" ی نوسی كەلە ژمارە " ٥" ی " Nachalo" "ناخالۆ" دا بلأوبویەوە |
| ٨ ئەیلول | "Aprotest by Rissian Social Democrat" "نارەزایەتی سۆسیال دیموكراتەكانی ڕوسیا" لە دژی مانڤستۆی ئابوری ناسان ، لە گوندی " Yermakovskoye" "یارمالۆڤسكی " لینین لەگەلّ " ١٧ " لە دورخراوەی سیاسی ماركسی كۆنگرەیەكیان ڕێخست بۆ پشتیوانی نارەزایەتی لە لایەن سۆسیال دیموكراتەكانی ڕوسەوە |
| ٢١-٢٧ ئەیلول | بەشی یەكەمی " Industrial Democracy" " Webbs" "ووبس دیموكراسی پیشەسازی" بلأوبویەوە لە ژێر ئیمزای ڤلادمیر ئیلیان |
| ٢٢ ئەیلول | ئامادەی ڕێورەسمی ناشتنی "A.A.Vaneyev" "ئەی.ئەی. ڤانیڤ" بولە " Yermakovskoya" "ڤارماكۆسكۆی" . كە ئەندامی دورخراوەی یەكێتی سات پەترۆسبەرگ بۆ تێكۆشان بوو |
| ٢١ كانونی دوەم | لینین و كرۆپسكایا بەشی دوەمی ووبس" دیموكراسی پیشەسازی " یان وەرگێرا بۆ ڕوسی وە ناردیان بۆ سات پەترۆسبەرگ |
| تشرینی یەكەم | پێشنیارێكی خاوەنی ئیمتیازی " Rabochaya Gazete" "ڕابۆكیا گازێت" ی پەسەندكرد بە بەژداری كردنی لەو ڕۆژنامەیەدا ، لینین سێ وتاری نوسی بۆ ی |

| | |
|---|---|
| مانگی کانونی یەکەم ۱۹۰۰ | یەکەم کێشە بۆ ڕۆژنامەکەی ڤلادمیر ئسکرا ( Iskra ) دروست بوو |
| ۱۰ شوبات ۱۹۰۰ | ماوەی دورخستنەوەکەی لە سیبریا کۆتای هات ، لەکانگی ئازاردا لە "پاسکۆڤ " ( Pskov) جیگیر بوو |
| ۱۰ شوبات | لینین و کرۆپسکایا شوشنسکۆیان بەجێهێشت بەرەو ڕوسیا و ئەورپا ، لینین شارۆچکەی ( Pskov) "پاسکۆڤ " ی هەڵبژارد لەبەرئەوەی بە ئاسانی دەیتوانی پەیوەندی بکات بە سات پەترۆسبەرگەوە |
| نیوەی یەکەمی شوبات | لەڕێگای سایبیریاوە لینین لە " Ufo" "یوفا" وەستا، کە کرۆپسکایە تاکۆتای ماوەی دورخستنەوەکەی لەوێ مایەوە ، لینین کۆبویەوە لەگەڵ سۆسیال دیموکراتە دورخراوەکانی یوفا وەك "A.D .Tsyurupa"ئەی .دی. تسارویا"و هاوڕێکانی |
| ناوەڕاستی شوبات | سەردانی مۆسکۆی کرد بەشێوەیەکی نایاساى ، لەگەڵ کەسە نزیکەکانی مایەوە ،لە گەڵ "I.K.Lalayants" " ئای .کەی.لالەیانست" ی نوێنەری " Ekaterinoslav" "ئکاترنسلاڤ" کۆبویەوە ، ووشیاریدا بە لینین بە ئامادەبوونی لە کۆنگرەی دووەمی " R.S.D.L.P" ، وە پێشنیارەکەی دایە بۆ بەشداری کردن |
| ۱۰ ئازار | گەیشتە پاسکۆڤ کەلەوێ مایەوە لە ژێر چاودێری نهێنی پۆلیسدا |
| بەهار | پەیوەندی دامەزراند لەگەڵ کۆمەڵەی سۆسیال دیموکراتەکاندا و لەگەڵ سۆسیال دیموکراتە تاکەکاندا "تاکەکەسەکان" لە شارە جیاوازەکانی ڕوسیادا . وە ووتو ویژی لەگەڵ کردن کە پشتگیری لە "Iskra" "ئاسکرا" بکەن ، بەشێوەیەکی نایاسای چوو بۆ "Riga" "ریگا" بە مەبەستی پەیوەندی دروست کردن لەگەڵ سۆسیال دیموکراتە خۆجێییەکانی ئەوێدا |
| کۆتای ئازار – سەتای نیسان | وێنەی یەکەم خشتەی ڕاگەیاندنی بەرنامە و مەبەستی ڕۆژنامەیەکی ڕوسی سیاسی گشتی "ئاسکرا" و گۆڤاری زانستی و سیاسی "Zarya" "زەریا" ی کێشا ، کۆنگرەیەکی ڕێخست لە نێوان مارکسیە شۆڕشگێڕەکاندا و مارکسیە یاساییەکاندا دەربارەی پێدانی یارمەتی بۆ دەرکردنی ئاسکرا و زەریا ، بە کۆنگرەی پاسکۆڤ ناسرا |
| ۱۸ مایس | لینین جەواز سەفەرێکی دەست کەوت بۆ چوون بۆ ئەڵمانیا |
| ۲ حوزەیران | بە شێوەیەکی نایاسای چوو بۆ سات پەترۆسبەرگ، بەمەبەستی پەیوەندی کردن بە سۆسیال دیموکراتەکانی سات پەترۆسبەرگەوە |
| ۳ حوزەیران | لینین گیرا وە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا لە سات پەترۆسبەرگ |
| ۱۲ حوزەیران | لینین لەژێر چاودێری دەرکرا |
| ۱۴-۲۰ حوزەیران | لەگەڵ کەسە نزیکەکانیدا لە "Podolsk" "پۆدۆلسك" لە نزیك مۆسکۆ ژیا ، لە سەر بانگهێشتی لینین ژمارەیەك لە سۆسیال دیموکراتەکان لەوانە "P.N.Lepeshinsky" " پی. ئێن.لیپشنکی"و"S.P.Shesternir" "ئێس. پی. شسترنر" هاتن بۆ پۆدۆلسك ، وە لینین لەگەڵیان |

| | |
|---|---|
| | ڕێکەوت بەیارمەتی ئاسکرا |
| ٢٢ حوزەیران " | لەگەڵ"Nizhni Novgorod" " نژی نۆڤگۆرد" ی سۆسیال دیموکرات ڕێکەوت بەیارمەتیدانی ئاسکرا |
| نیوەی دووەمی حوزەیران | لە یوفا لەگەڵ سۆسیال دیموکراتە خۆجێی یە دورخراوەکاندا ڕێکەوت بەیارمەتیدانی ئاسکرا |
| ١٠-٢٣ تەموز | لە سامار مایەوە تا لەگەڵ سۆسیال دیموکراتە خۆجێیی یەکانی ئەوێدا بگاتە ڕێکەوتن بە یارمەتیدانی ئاسکرا |
| ٢٩ تەموز | لینین بەرەو دەرەوە ڕۆیشت |
| مانگی تەموز١٩٠٠ | ڤلادمیر ڕوسیای بەرەو ئەوروپا بەجێهێشت بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانی ، لە مانگی ئەیلولدا لە میونخ ( Manich ) جێگیر بوو |
| سەرەتای ئاب | لە "Zurich" "زویرخ" بۆ دوو ڕۆژ مایەوە ، گفتو گۆی کرد لەگەڵ "P.B.axelrod" "پی.بی.ئکسیلرۆد"، لە جنێف لەگەڵ پلیخانۆڤ وتو وێژی کرد لەسەر دەرکردنی ئاسکرا و زەریا ، وەجیاوازی بیر و ڕا هەبوو دەربارەی تابلۆی بڵاوکراوەی "ئاسکرا و زەریا" کە لینین دای ڕشتبوو. لە بیلریف لە نزیك جنیف لەگەڵ "N.E.Bauman" "ئێن.ئی.بۆمان" و کەسانی تر کە سۆسیال دیموکرات بوون وتو وێژی کرد بە هاوبەشیکردنیان لە ئاسکرادا |
| ٢٤-٢٨ی ئاب | هەستا بە بەستنی کۆنگرەیەك بۆ گروپی کار لە "Corsier" "کارسەر" لە نزیك جنیف لە سەرباسی بڵاوکردنەوە و بەڕێوەبردنی هەردوو ئاسکرا و زەریا |
| ٤-٥ ئەیلول | دەسنوسی ڕێکەوتنی نێوان ئاسکرا و گروپی کاری نوسەرانی بڵاوکراوەی ئاسکرا و زەریای نوسی ، لەسەر پەیوەندی گروپەکان بە تابلۆی نوسەرانەوە وە بڵاوکردنەوەی |
| ٥-١٥ ئەیلول | لە نامە گۆڕینەوەیەکدا لەگەڵ سۆسیال دیموکراتی ڕوسی نهێنیدا "ڕێخستنی نهێنی" لینین هەر ڕێکەوتنێکی ڕەتکردەوە بە یەکگرتنی سۆسیال دیموکراتی ڕوسی لە دەرەوە لەگەڵ ڕێخراوی " ئابوری ناسان" |
| ٦ ئەیلول | لینین لە "Nuremberg" "نۆرمبێرگ" وە چو بۆ "Munich" " میونرخ" |
| ١٠-١٨ تشرینی یەکەم | تابلۆی نوسەرانی ئاسکرا کە لەلایەن لینینەوە داڕێژرابوو ، ئەم بەیانە نێردرا بۆ ڕوسیا تا لەنێوان ڕێخراوە کرێکاری و سۆسیالیستیەکاندا دابەشبکرێت |
| ٢٦ تشرینی یەکەم | لە نامەیەکیدا بۆ ئەی. ئەی یاکۆبۆڤ . لینین بە ناوی گروپی ئاسکراوە پێشنیاری هاوکاری لەگەڵ "Rabochaya Mysl" "ڕاپیۆکا مایسل" ئەندامی ئابوریناسان بە تەواوی ڕەتکردەوە |
| تشرینی دووەم | یەکەم ژمارەی ئاسکرا ئامادەکرا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە |
| کۆتای تشرینی | ژمارەی یەکەمی زەریا ی ڕێخست و ئامادەی کرد بۆ بڵاوکردنەوە لە "Stuttgart" " شتوتگارت" |

| | |
|---|---|
| دووەم-نیوەی یەکەمی کانونی یەکەم | |
| ١٤-٢٣ کانونی یەکەم | چوو بۆ میونخ وە بۆ "Leipzig" " لایپزیگ" بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ژمارەیەکی ئاسکرا بۆ چاپ |
| ٢٤ کانونی دووەم | یەکەم ژمارەی ئاسکرا دەرکەوت چەند وتارێکی لینینی تیابوو، بەناوی " The Vrgent tasks of Our Movement" " مەهامی بە پەلەی بزوتنەوەکەمان" کەوتاری کردنەوە بوو . " The War in China" "جەنگی چین" . " The Split in the Nuion of Russian Social Democrats Abroad" " لە تبوون لە یەکێتی سۆسیال دیموکراتی ڕوسدا" |
| ٢٩ کانونی یەکەمی ١٩٠٠-ناوەڕاستی شوبات ١٩٠١ | وتو وێژی نێوان تابلۆی نوسەرانی ئاسکرا زەریا لە میونخ , لەسەر مەرجی هاوکاری ستروڤ لەو بڵاوکراوانەدا ڕەتکردەوە ، لینین جەغتی کردەوە کەدژی ئەو ڕێکەوتنەیە لەگەڵ ستروڤ |
| مانگی کانونی یەکەم ١٩٠١ | بۆ یەکەم جار ڤلادمیر ناوی خوازراوی لینین (Lenin ) ی بەکارهێنا بۆ خۆی |
| کانونی دووەم-ئازار ١٩٠١ | کاری گروپی ئاسکرا و نوێنەرەکانی لەڕوسیا " سات پەترۆسبەرگ، مۆسکۆ، سامارا، ڕوسیای خوارو، "Pskov""پاسکۆڤ"، "Poltava""پۆلتاڤ"، تادوای " لە ژێرئاراستەی بڕیاری لینیندا بەرەو پێش چوون |
| نیوەی شوبات | دووەم ژمارەی ئاسکرا دەرچوو کەووتارێکی لینینی تیابوو " The Drafting of 183 Students into the Army" "ڕەشنوسی ١٨٣ قوتابی بۆ سوپا " |
| ناوەڕاستی کانونی دووەم | چوو بۆ " Prague" "پراگ" وە بۆ " Vienna" "ڤیەننا" بەمەبەستی ڕێخستنی سەفەری کرۆپسکایە بۆ دەرەوە |
| کۆتای شوبات – نیوەی یەکەمی ئازار | لینین وتو وێژی لەگەڵ چاپخانەیەکی نایاسای کرد بەمەبەستی چاپی ئاسکرا لە ڕوسیا لە شاری "Kishinev" "کشینێف" |
| ٢٣ ئازار | ژمارە یەکی زەریا دەرچوو کە سێ ووتاری لینینی لە خۆگرتبوو، لەژێرناوی " Casual Notes" "تێبینی ئاسای" ، بەرلە یەکخستنی کۆمەڵەی کار لینین پلانێکی دانا بۆ یەکگرتنی ڕێخراوەکانی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێڕی ڕوسی لەدەرەوە |
| مانگی ئازار ١٩٠١ | کروپسکیا ( Krapskaya) دووبارە پەیوەندی کرد بە ڤلادمیرەوە لە دەرەوە پاش تەواو کردنی ماوەی دورخستنەوەکەی لە یوفا ( Ufa) |
| ٢ مایس | سێهەم ژمارەی ئاسکرا دەرچوو ووتارێکی لینینی لە ژێر ناوی " The Workers and the |


| | |
|---|---|
| | "Peasanty" پارتی کرێکاران و چینی جوتیاران" |
| ٧-١٤ مایس | کۆنفرانسی میونخی تابلۆی نوسەرانی ئاسکرا و زەریا کە تاوتوێی پلانی پێکهێنانی یەکێتی سۆسیال دیموکراتی شۆڕشگێری ڕوسی لەدەرەوە ، کەلەلایەن لینینەوە پێشاندرابوو لەگەڵ بنەماکانی بۆ یەکێتیەکە تاوتوێکرد |
| ٢٦ مایس | دەستی بەکارکردن کرد لە کتێبی "What is to be Done" "چی کارێك بکەین" |
| ٢٦-٢٨ مایس | "Where to Beging" "لەکوێوە دەست پێبکەین" ی لینین لە ژمارە چواری ئاسکرادا بلاوبویەوە ، لەم ووتارەدا لینین پلانێکی کورتکراوەی بنچینەیی بۆ بنیات نانی پارتی شۆڕشگێر بۆ چینی کرێکار دارشتبوو |
| مانگی مایس | بەرەو ڕێخستنی گواستنەوەی ئاسکرا بۆ روسیا رۆیشت ، لینین ووتو وێژی لەگەڵ کۆمەڵەی ئاسکرا لە "Baku" "باکۆ" کرد بەمەبەستی سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ئاسکرا لە نێو ڕێخستنە ناوخۆییەکاندالە ژێر چاودێری ناوخۆدا لەلایەن "V.Z.Ketsskhoveli" "ڤی.زێد. کتسخوڤڵ" ەوە .<br>لەنامەیەکدا بۆ نوێنەرەکانی ئاسکرا لینین بڕیاریدا بوو بەدووبارە چاپ کردنەوەی ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەی ئاسکرادا چاپ کرابوون لەسەر لا پەڕەکانی ڕۆژنامەی "Kishinev" "کشینڤ" |
| حوزەیران- ئەیلول | "The Agraian Question and the Critics of Marx" "پرسی کشتوکاڵ و ڕەخنە لە مارکس" ی نووسی لە دژی ڕەخنەگری تیورەی مارکس لە پرسی کشتوکاڵ |
| تەمووز | نامەیەك بۆ "پاشکۆی ئاسکرا" لینین نارەزای پیشاندابوو لە دژی بلاوبونەوەی لە سات پەترۆسبەرگ ، کە بلاوکراوەیەکی ناوخۆی بوو ئاسکرا لە ڕوسیا ڕێکی خستبوو ، بڕوای وابوو ئەوپلانە گەڕانەوە دەبێت بۆ کارکردن لە پەراوێزدا |
| ئاب | لە ژمارە حەوتی ئاسکرادا ووتارێکی لینین بلاوکرایەوە "The Lessons" of the Crisis" "دەرسەکانی کێشەیەك" |
| 13-25 zhf | لە ڕوسیا یەکەم نامیلکەی دابە کرۆپسکایە "The Woman Worker" "ژنی کرێکار" لە ئاسکرادا بلاوبویەوە |
| ٣ تشرینی یەکەم | بەژداری کۆنگرەی نوێنەرانی ڕێخراوی سۆسیال دیموکراتی کرد ، وەك نوێنەری ئاسکرا ، کە لەدەرەوە لە "Zurch" "زوریخ" ڕێخرابوو. کۆنگرە لینینی ناچارکرد قسەبکات لەسەر یەکێتی "R.S.D.L.P"<br>وە ڕێخراوەکانی دەرەوە |
| ٤ تشرینە یەکەم | لە کۆنگرەی یەکێتی ڕێخراوە سۆسیال دیموکراتەکانی روسیادا لە دەرەوە ، وە کۆمەڵەی "Borba" "بۆربا" وتارێکی خوێندەوە تیایدا ئەوەی پیشاندابوو کە ڕابەرەکانی یەکێتیەکە لە دەرەوە خۆپەرستن |

| | |
|---|---|
| ٣ کانونی یەکەم | ووتارێکی لینین "The Protest of the Finnish People" "نارەزایەتی خەڵکی فنلەند" لە ژمارە یازدەی ئاسکرادا بلاوکرایەوە |
| ١٨ کاونی یەکەم | لە نامەیەکیدا بۆ نوێنەری ئاسکرا بەتوندی نارەزایەتی پیشاندابوو بەبەکارهێنانی ئاسکرا لە کیشنیڤ بۆ چاپ کردنی کتێبی مەیلی " بەرژوازی" |
| ٢ کانونی دووەم ١٩٠٢ | ووتارێکی لینین "Demonstations Have Begun" "خۆپیشاندانەکان دەستی پێکرد " بلاوبویەوە |
| ناوەراستی کانونی دووەم | لینین تێبینی ورەخنەی لە سەر رەشنوسی یەکەمیدروست کردنی پارتی کاری سۆسیال دیموکراتی روسی نوسی کەلەلایەن پلیخانۆڤەوە نوسرابوو |
| ٢١ کانونی دووەم | لە وتارێکدا لە کۆبونەوەی تابلۆی ئاسکرادا لە میونخ رەخنەی گرت لە رەشنوسی یەمی پلیخانۆف تیایدا پێشنیار و راستکردنەوەی پێشکەش کردبوو |
| ٢١ کانونی دووەم- شوبات | لینین رەشنوسی بەرنامەیەکی نوێی بۆ پارتی کاری سۆسیال دیموکرات پیشاندا |
| مانگی ئازار ١٩٠٢ | چیی بکەین (What is Tobe Done?) ی بەناوبانگی لینین بلاوبویەوە |
| مانگی نیسان ١٩٠٣ | چوو بۆ لەندەن (London)، پاشمانەوەیەکی کەم لە جێنەڤا (Geneva)مایەوە |
| مانگی تەموز-ئاب ١٩٠٣ | کۆنگرەی دوەمی پارتی کاری سۆسیال دیموکراتی روسی(RSDLP)، حیزبەکە دابەش بوو بۆ باڵی بەلشەفیك (Bolshevik) و مەنشەفیك (Menshevik) ، لینین لە ئاسکرا جیابووەوە( دابرا ) |
| ماگی کانونی دووەم ١٩٠٥ | لینین دەستی بە بلاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی نوێ کرد بە ناوی ڤاپیرود (Vyperod ) |
| مانگی کانونی دووەم ١٩٠٥ | یەکشەمەی خوێناوی (Bloody Sunday ) لە سات پەترسبەرگ ، شۆرشی ١٩٠٥ دەستی پێکرد |
| مانگی نیسان ١٩٠٥ | کۆنگرەی سێهەمی پارتی کاری سۆسیال دیموکراتی روسی (RSDLP) ، کە مەنشەفیکەکان ئامادە نەبوون |
| مانگی حوزەیران ١٩٠٥ | لینین دوا تاکتیك بۆ سۆسیال دیموکرات لە شۆرشی دیموکراسیدا دادەنێت |
| مانگی تشرینی دووەم ١٩٠٥ | لینین گەرایەوە بۆ سات پەترسبەرگ پاش لێبوردنی حکومەت بۆ دورخراوە و زیندانە سیاسیەکان |
| مانگی نیسان ١٩٠٦ | کۆنگرەی چوارەمی پارتی کاری سۆسیال دیموکراتی روسی (RSDLP) مەنشەفیکەکان بەشداربوون ، لینین هەڵبژێردرا بۆ دیوانی باڵای سەرۆکی روسیا |
| مانگی کانونی | چوو بۆ فنلەند (Finland ) لە بەر هۆکاری ئاسایش ( ئەمنی ) |

| | |
|---|---|
| دووەم ١٩٠٧ | |
| مانگی ئایار ١٩٠٧ | دووبارە هەڵبژێردرایەوە بۆ (RSDLP)کۆنگرەی پێنجەمی پارتی کاری سۆسیال دیموکراتی ڕوسی دیوانی باڵای سەرۆکی ڕوسیا |
| مانگی ئاب ١٩٠٧ | ئامادەبوو لە کۆنگرەی سۆسیالت ئەنتەرناسیۆنال (Socialist International)لە شتودگارد ( Stuttgart) |
| مانگی کانونی دووەم ١٩٠٨ | لینین لە جێنەڤا مایەوە |
| ساڵی ١٩٠٨ | کتێبەکەی تەواوکرد (Materialism and Empiriocriticism) "ئیمپرۆکریتسم و ماتەریالیزم " |
| مانگی تشرینی دووەم ١٩٠٩ | لینین چوو بۆ پاریس (Paris ) |
| بەهاری ١٩٠٩ | لینین چاوی کەوت بە ئنیسا ئارماند (Inessa Armand ) |
| مانگی کانونی دووەم ١٩١٢ | کۆنگرەی پڕاگ(Prague ) بەلشەفیکەکان خۆیان وەك پارتێکی واقعی سیاسی سەربەخۆ دامەزراند |
| مانگی نیسان ١٩١٢ | یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (Pravda ) "پراڤادا "لە ڕوسیا دەرچوو |
| مانگی ئاب ١٩١٤ | ئەڵمانیا جەنگی لەدژی ڕوسیا ڕاگەیان ، جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد |
| مانگی ئاب ١٩١٤ | لینین ناچاربوو ڕوسیا بەجێبهێڵێت ، پەنای برد بۆ (Berne ) " بێرن "ی سویسرا |
| مانگی ئاب ١٩١٥ | کۆنگرەی(Zimmerwald ) "زمێرواڵد "ی سۆسیالستەکان لەدژی جەنگ ، لینین ئامادەبوو |
| مانگی کانونی دووەم – تەموز ١٩١٦ | لینین(Imperialism the Highest of Capitalism ) ( ئیمپریالیزم دوا پلەی سەرمایەداریە ) ی نوسی |
| مانگی شوبات ١٩١٦ | لینین چوو بۆ زوریخ |
| مانگی نیسان ١٩١٦ | دووەم کۆنفرانسی زمێرواڵد کەلە (Kienthal )" کینساڵ "بەسترا ، لینین بەشداری تێداکرد |
| مانگی ئازار ١٩١٧ | قەیسەر نیکۆلای دووەم (Czar Nicholas II ) سازشی لە پۆستەکەی کرد حکومەتی کاتی پێکهات لە ڕوسیا |
| مانگی نیسان ١٩١٧ | لینین و حیزبەکەی گەیشتنە پیترۆگراد لەرێگەی شەمەنەفەری ئەڵمانیاوە |
| مانگی نیسان ١٩١٧ | لینین (April Theses ) "بەحسی ئەبریل" بڵاوکردەوە ، داوای کەوتنی حکومەتی کردبوو، وەداوای دامەزراندنی حکومەتێکی بەلشەفی کردبوو |

| | |
|---|---|
| مانگی ئایار ۱۹۱۷ | کۆنگرەی حەوتەمی پارتی کاری سۆسیال دیموکراتی ڕوسی ( بەلشەفیکەکان ) لە پەترۆگراد ( Petrograd) لینین دەورێکی باڵای گێڕا |
| مانگی حوزەیران ۱۹۱۷ | یەکەم کۆنگرەی هەموو ڕوسیەکان( All- Russian ) ی کرێکار و سەربازانی سۆڤیەت |
| مانگی تەموز1917 | ڕاپەڕینی ناسراوبە (July-Days ) (ڕۆژی تەمووز) |
| مانگی تەموز ۱۹۱۷ | لینین ناچار بە خۆشاردنەوەکرا ، هەڵهات بۆ فنلەندا |
| مانگی ئەیلول ۱۹۱۷ | لینین بەرگری لە ڕا پەڕینی نوێ کرد |
| ناوەڕاستی تشرینی یەکەم ۱۹۱۷ | لینین گەڕایەوە بۆ پەترۆگراد بەنهێنی لە فنلەنداوە |
| مانگی تشرینی یەکەم ۱۹۱۷ | لینین هەوڵیدا بۆ هەڵگەڕانەوەی دەست بەجێ، سەرەڕای بونی نارەزایەتی بە هێز لە ناو حزبەکەیدا |
| مانگی تشرینی یەکەم ۱۹۱۷ | حکومەتی سۆڤیەت پێکهات ،کە لینین سەرۆکی بوو |
| ۲۹ کانونی یەکەم ۱۹۱۸ | لینین (Constituent Assembly) "کۆمەڵەی دامەزرێنەرانی " تواندەوە |
| ۵ ئازار ۱۹۱۸ | ڕێکەوتن نامەی ( Brest Litovsk) "برێست لایتۆڤسك "کۆتای هات ، ناکۆکی لەگەڵ ئەڵمانیا کۆتای هات |
| ۱۵ ئازار ۱۹۱۸ | لینین وحکومەتی سۆڤیەتی گواستیانەوە بۆ مۆسکۆ |
| 30ئاب ۱۹۱۸ | ( Fanny Kaplan) "فانی کاپلان" هەوڵی تیرۆر کردنی لینینیدا ، لینین بریندارکرا |
| ۲-٦ ئازار ۱۹۱۹ | (Communist International) " کۆمۆنیستی‌نێونەتەوەی" (Comintern) "کۆمۆنترن "ی دامەزرا |
| تشرینی یەکەم ۱۹۲۰ | ( Inessa Armmand) "ئینسا ئارماند" مرد |
| ۲۳ شوبات -۱۷ ئازار ۱۹۲۱ | ( Kronstadt) "کرۆنستاد" لە دژی حکوموتی سۆڤیەت ڕا پەڕی |
| ۱۷ ئازار ۱۹۲۱ | کۆنگرەی دووەمی حیزب ،لەژێر ناوی ( New Economic Policy(NEP)) "سیاسەتی ئابوری نوێ "دەستی پێکرد |


| | |
|---|---|
| ٢٦ ئایار١٩٢٢ | لینین توشی لێدانی ( جەڵتە ) (Strokel) ی یەکەم بوو |
| ٢٠ تشرینی دووم ١٩٢٢ | دواین لێدوانی ( خیتاب ) ی لینین |
| ١٥ کانونی یەکەم ١٩٢٢ | لینین توشی لێدانی ( جەڵتە ) ی دووەم بوو |
| ٢٤ کانونی یەکەم ١٩٢٢ | مەکتەبی سیاسی داوایکرد کەلینین بە دابڕاوی بمێنێتەوە |
| ٣٠ کانونی یەکەم ١٩٢٢ | ( Union of Soviet Socialist Republice( USSR)) "یەکێتی کۆماری سۆسیالستی سۆڤیەت "پێك هات |
| مانگی کانونی یەکەمی ١٩٢٢- کانونی دووەم ١٩٢٣ | لینین ژمارەیەك نامەی نارد کە بە ( Last Testament) "وەسێتی کۆتای "ناسراوە |
| ٢ ئازار ١٩٢٣ | لینین دواین بەڵگەنامەی خۆی نوسی ، بەناوی باشتربونی هەلومەرج کەمتر ، بەڵام ناجێگیر ( Better Fewer ,But Better ) لەسەر ڕێخستنەوە و دابەزاندنی قەوارەی حکومەتی ڕووسی |
| ٩ئازار ١٩٢٣ | لینین توشی لێدانی ( جەڵتە ) ی سێهەم بوو ، توانای قسەکردنی لەدەستدا |
| ١٢ ئایار ١٩٢٣ | لە گۆرك (Gorki ) لینین لە حیزب دەرکرا |
| ٢کانونیدووەم ١٩٢٤ | لینین مرد بەس لێدانی ( جەڵتە )ی چوارەم |



لینین درێژە پێدەری ڕێگەی مارکس و ئەنگڵسە




با پیرەی لینین بوە بەمەسیحی پاش ئەوەی خۆی یەهودی بووە .



Ilya Nikolaevich Ulyanov (1831 – 1886 باوکی لینین

پسپۆڕی بواری پەروەردەبوو، کەسێکی دیموکرات خوازبوو ، پاڵپشتی دەکرد لەخوێندنی خۆڕای جیهانی



Maria Alexandrovna Ulyanova(1835 - ١٩١٦ )

دایکی لینین ژنێکی بەتوانای پەروەردەیەی تاییەت بوو ،کە تەئسیرێکی گەورەی لەسەر منداڵەکانی هەبوو ، کەڕاوێژکاریانبوو لە بیرو باوەڕە شۆڕشگێرەکانیالندا




Alexander Ilyich Ulyanov (1866 - 1887

ئەلکساندەر براگەورەی لینین بوو ، رێخەر و سەرکردەی دەستەیەکی تونرەو بەناوی ئیرادەی خەڵك Narodnaya Volya بوو ، لە یەکی ئازاری ١٨٨٧ گیرا بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ تیرۆر کردنی ئەلکساندەری سێهەم ، بەهەمان تۆمەت لە مانگی ئایار لەسێدارە درا



Vladimir Ilyich Ulyanov(Lenin )١٨٧٠-١٩٢٤

لینین دوەم منداڵی خێزانەکەیەتی دوای ئەلکساندەر ،لەسەرجەمیان گاریگەرتربوو ئەم وێنەیەی لینین کاتێك کە لە دواناوەندی دەردەچێت



Olga Ilyinichna Ulyanova (1871 – 1891
St Petersburg.ئولگا ی خوشکی لینین بەرزترین بەشی دەربارەی ئافرەت خوێند لە



Maria Ilyinichna Ulyanova (1878 - 1937
خوشکی بچوکی لینین ماریا شۆڕشگێڕێکی بەناوبانی بەلشەفیکی بوو ، لە پارتی کۆمۆنیست و دەوڵەتی سۆڤێتیدا کەسێکی دەرکەوتوبوو لە ڕۆژنامەی Iskra چالاك ی و کاری کردوە ، ئەندامی تابلۆی Pravda ی ڕزگاری خوازبووە ، سکرتێرەی یەتلیان بوە لە شۆڕی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا



Dmitry Ilyich Ulyanov (1874 – 1943
برا بچوکی لینین دیمیتری دکتۆری شۆڕشگێری بەلشەفیکی بوو، کارا لە حزبی و کارا لە حکومەتدا لە پاش شۆڕشی ١٩١٧



(Alexander, Vladimir and Dmitry)
and three daughters (Anna, Maria and Olga)
( باوك و دایکی لینین لەگەڵ منداڵەکانیان ، کوڕەکان ئەلکساندەر ، ڤلادمیر ، دیمیتری ،کچەکان، ئانا ، ماریا،ئۆلگا )



ئەلكساندەر ( ١٨٦٦-١٨٨٧ ) برا شۆڕشگێڕە گەورەكەی لینین بوو ، لەساڵی ١٨٨٣ كۆلێژی ( سامبریسك ) simbirsk لەگەڵ پێدانی مەدالیای ئاڵتونی تەواو كرد ، پاشان چووە زانكۆی stpetersburg كە لە زانستی سروشتیدا تایبەت مەندی وەرگرت ، وەمەدالیای ئاڵتونی بەدەستهێنا بەوكارەی لە زانستی ئاژەڵیدا ئە نجامیدا . ئەلكساندەر لە كۆبونەوە نارەسمیە یاساغەكاندا بەژداری دەكرد ، وەك خۆپیشاندان و بلاوكردنەوەی پروپاگەندە لە نێوان خوێندكاراندا وە لەنێوان چینی كرێكاراندا ، لە ساڵی ١٨٨٦ بو بەئەندامی دەستەیەكی تیرۆرستی بەناوی ( ئیرادەی گەل ) (Narodnaya Volya ) كەئەو یەكێك بوو لە بەرنامە داڕێژەرەكانی كارتێكراو بەماركس وە سەنگێكی زۆر و دیاری هەبوو ، بڕوایوابوو كەچینی كرێكار ناوكی پارتی سۆسیالستی پێكدەهێنێت ، بۆ یە لەبەرنامەی دەستەكەیاندا ( حیزب ) دووپاتی ئەوەی دەكردەوە كە ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێر ئە نجامدانی كوشتن لە حكومەتی ڕەهادا ئەركیانە ، تیرۆریان وەك هۆكارێك بۆ تێكۆشان دەبینی .لەگەڵ هاوڕێكانیدا دەستیان كرد بە ئامادەكاری هەوڵدان بۆ تیرۆركردنی ئەلكساندەری دووەمی ڕوسیا، بەلام لە یەكی ئازاری ١٨٨٧ دەستگیر كران ،لە ١٣ ئازاری ١٨٨٧ لەتیەمەنی بیست ساڵیدا لەلایەن پۆلیسی تایبەتی ڕوسیاوە دەستگیركرا، لە مەحكەمەدا ئەلكساندەر وتارێكی سیاسیخوێندەوە ، لە ٨ مایس ئەو هاوڕێكانی حوكمدران بە مەرگ ، كە ئەمان بوون Aleksandr Ilyich ،PakhomiyAndreyushkinUlyanov , **Petr Shevyrev, Vasili Osipanov, Vasili Generalov**

## Nadezhda Krupskaya ( ٢٦ شوبات ١٨٦٩-٢٧ شوبات ١٩٣٩ )



كچی ئەفسەرێكی سەربازی ڕوسی بوو ، لە ٢٦ شوباتی ١٨٦٩ لە St Petersburg سات پەتەترۆسبەرگ لەدایك بووە ، بەشدار بوویەكی چالاكی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ڕوسیا بوو، ئەندامی چالاكی پارتی كۆمۆنیستی ڕوسیی بوو، ئەندامی دەستەی ناوچەی ( Vyborg ) ی (RSDLP ) بو لەكاتی ڕا پەڕینی چەكداریدا لە پیدرۆگراد ( Petrograd ) لە ساڵی ١٨٩٤ بە لینین گەیشت ، پاش دەست گیر كردنی و حوكمدانی بەسێ ساڵ دورخستنەوە بۆ سایبیریا (Siberia)، لە ١٠ ی تەموزی ١٨٩٨ لە گەڵ لینین پەیمانی هاوسەریان بەست لە شوشنكۆی (Shushenskoye). شوباتی ١٩٠٠ لینین و كرۆپسكایە وJules Martov جۆلیز ماترۆڤ، George Plekhanov جورجی پلیخانۆڤ ، Pavel Axelrod ، پاڤیل ئەكسلرۆد ، و ئەندامانی تری دەستەی نوسەران كاركردن بۆ دەركردنی ئسكرا ( Iskra) كە هەریەك لە ، Gregory Zinoviev جۆرجی زینۆڤیف ، Leon Trotsky لیۆن ترۆتسكی ، Vera Zasulich ڤێرا زازلیچ ، وە شۆڕشگێڕانیتر وەك Clara Zetkin كلارا زیتكین ، پەیوەندیانكرد بە ئسكراوە كەلە لایپزیگ Leipzig ی ئەڵمانیا Germany. دەردەچوو ،

لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا لینین و کرۆپسکایەلە سویسرا ژیانیان گوزەراند ، نیسانی ١٩١٧ لەگەڵ کەوتنی نیکۆلای دووەم قیسەری ڕوسیا گەڕانەوە بەتەواوی بۆ ڕرویسا . کرۆپسکایە دژی بانگەشەی پێشوەختی لینین بوو بۆ شۆڕش ، بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕش ناکۆکیەسیاسیەکانیان دابەزیەوە لەتشرینی دووەمی ١٩١٧ دا کرۆپسکایە دانرا وەك جێگری راوێژکاری خەڵکی بۆ فێرکردن و ڕۆشنبیری ، یاریدەدەرێکی چالاکی لینین و سکرتێری شەخسی لینین بوو ، یاریدەدەری بوو لە ڕێخستنی بەلشەفیکەکان لە ڕوسیادا . ساڵانی ١٩١٦-١٩١٧ سکرتێری فەرمی پارتی بەلشەفیك بوو ، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی دەزگای سۆڤیێتی بۆ فێرکردنی گشتی ، وە ئەندامی فەخری ئەکادیمیای سۆڤیێتی بو بۆ زانست . لەساڵی ١٩٢٦ کرۆپسکایە یادەوەریەکانی لینینی بڵاوکردەوە ، لەساڵانی١٩٢٩-١٩٣٩ وەك جێگری وەزیری فێرکردن کاری کردوە . لە ٢٧ یشوباتی ١٩٣٩ لە مۆسکۆ کۆچی دوای کرد.



تەرمی لینین لە گۆڕەپانی سوور

بە بڕیاری تایبەتی جۆزیف ستالین ، لاشەکەی هەڵگیرا بۆ نەوەکانی داهاتو بە ڕێگەیەکی تایبەتی ، بە دەرهێنانی بەشەکانی هەناوی وە تێکردنی مادەی فۆرمالین و خستنەناو حەمامی فۆرمالینەوە ، پاشان وشککرایەوە ، بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵدەکێشرا یە وە لە فۆرمالین و گلیسرین وە ترشی پۆتاسیۆم و کلۆرید و ئاو .

لینین لە ژێر ئەوقاتە جلەی کە بەڕەسمی لەبەریدایە ، قاتێك جلی دژە ئاوی لەبەردایە ، هەردوو دەستی و سەری هەفتانە دوو جار لە شلەیەکی تایبەت هەڵدەکێشرێت ، لە شوێنێکی تایبەت بە لینین لاشەکەی هەڵگیراوە لە مۆسکۆ لە گۆڕەپانی سوور



Nya-78@hotmail.com

